# پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- شیری بۆ هێندرا کە تێکەڵ کرا بوو لەگەڵ ئاودا، وئەعرابیەک لە لای ڕاستیەوە بوو، و ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- لە لای چەپیەوە بوو، خواردیەوە، پاشان دای بە ئەعرابیەکە، وفەرمووی: ئەوەی لای ڕاست پاشان ئەوەی لای ڕاست

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- شیری بۆ هێندرا کە تێکەڵ کرا بوو لەگەڵ ئاودا، وئەعرابیەک لە لای ڕاستیەوە بوو، و ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- لە لای چەپیەوە بوو، خواردیەوە، پاشان دای بە ئەعرابیەکە، وفەرمووی: «ئەوەی لای ڕاست (لە سەرەتادا) پاشان ئەوەی لای ڕاست».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیریان بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هێنا کە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ کرابوو، پیاوێکی ئەعرابی لە لای ڕاستیەوە بوو و ئەبوبەکر لە لای چەپیەوە بوو، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- شیرەکەی خواردەوە وپاشان دای بە ئەعرابیەکە ئەویش دەفرەکەی وەرگرت ولێی خواردەوە، وبێگومان ئەبوبەکر خێرتر وباشترە لە ئەعرابیەکە؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەرەتا دەفرەکەی بە ئەعرابیەکە دا چونکە لە لای ڕاستیەوە بوو، وپاشان فەرمووی: (ئەوەی لای ڕاست -لە سەرەتادا- پاشان ئەوەی لای ڕاست): واتا سەرەتا بیدەن بە ئەوانە کە لە لای ڕاستەوەن پاشان بیدەن ئەوانەی کە لە لای چەپەوەن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee